**لەوانەیە لە هەموو کەس پارە دار و**
**دهست ڕۆیشتووتر بن، بەلام دڵسۆزتر نین.**

له وانەیە کاك مەلا بەختیار خۆی بە باوك و خاوەنی دیموکراسیە ت و مۆر هە لگری دیموکراتی بزانێ، هەر بۆیە وا بە هەوەسی خۆی دڵسۆزی دابەش ئەکا بەسەر ئەوانەی کە لە ڕیکخراوی سیاسی کار دەکەن و هەموو خەڵکانی تر بە نا دڵسۆز یان لە باشترین حاڵەتدا بە کەمتر دڵسۆز دائەنێ.

لە بەرنامەیەکی کەناڵی ئاسمانی کورد سات (لە کۆتایی بەرنامەکە فریا کەوتم)، کاك مەلا بەختیار زۆری پێ سەیر بوو کە خەڵکانی دەرەوەی ڕێکخستن بەرهەڵستی لە دیموکراسییەت بکەن، بەڕا و بۆ چوونی ئەو تا خەڵکانی ناوەوەی ڕێکخستن وەستابن کەسی تر بۆی نی یە دڵسۆز بێت بۆ دیموکراسی، پێی سەیر بوو کە خەڵکانی دەرەوەی هەڵقە و دایرەکەی خۆی دڵسۆزتر بن بۆ دیموکراسی.

بە پێی ڕا و تێگەیشتنی مەلا بەختیار بۆ دیموکراسی و (هەر وەها بۆ دڵسۆزی) ئەبێ هە موو ئە ندامانی ئەو ڕێکخراوەی ئەو بە هەمان شێوە و بە قەد یەك (بێ زیاد و کەم) دیموکراسی بن و لە دیموکراسییەت قووڵ و تێگەیشتوو بن !!!!!!

بە هەمان پێوەر، ئەبێ هەمو ئەوانی تر (ئەندامانی کۆمەڵە و ڕێکخراوە مرۆڤایی یەکان و نا حکومی و هەموو ئەوانەی کە سەرقاڵی مەسەلەی دیموکراسین و هتدا..) بەهەمان شێوە و بەقەد یەك (بێ زیاد و کەم) دیموکراسی بن و لە دیموکراسییەت قووڵ و تێگەیشتوو بن !!!!!! وە بە قسەی مەلا بەختیار ئەبێ هەموو ئەوانەی پێشتر دڵسۆزتر بن لە وانەی پاشتر باسمان کردن.

پاشان، من تێ ناگەم مەسەلەی ڕادەی دڵسۆزی بۆ دیموکراسی چۆن دەبەسترێ بە **هەموو** ئەندامێکی ڕێکخراوێك (ئە ویش لە باشترین حاڵداو بەمەرجێ ئەگەر ئەو ڕێکخراوە سەد دەر سەد بنەماکانی دیموکراسی پەیرەو بکات، ئە گینا ڕوونە کە دیموکراسییەت پەیوە ندی بە ڕێکخراوی نا دیموکراسی یەوە نییە).

دیارە مەلا بەختیار وا دەزانێ کە **هەموو ئەندامانی** ڕێکخراوە دیموکراتەکانی دونیا دیموکراتن لە ڕەوشت و مامەڵەیان و، هەر هەمویان وەکو یەك دڵسۆزن بۆ مەسەلەی دیموکراسی !! کاتێ کە باس لە کەنەدا و ئەوروپا ئەکات.!!!!وا دیارە لە ڕێکخراوەکەی ئەو هەر هەموو ئەندامەکان وەکو یەك دیموکراتن هەر بۆیە هەر وەکو یەك دلسۆزیشن! لە هەموو ئەوانی تر دلسۆزترن! بۆ زانینی کاك مەلا بەختیار، لە کەنەدا و ئەوروپا زۆر کەس هەن کە بەڕاستی بە باوکی دیموکراسی و خاوەن قوتاپخانەی دیموکراسی دادە نرێن و ( زۆریش دڵسۆزترن لە وانەی کە مەلا بەختیار فەخریان پێ ئەکا) **ئەندامی هیچ ڕێکخراوێکیش نین**.

ئەوە هەر لای خۆمان باوە و بۆتە دە ستور و کولتوور کە ئەوانەی ئەندامی ڕێکخراون (سیاسین) دڵسۆزترن و باشتری لێ ئەزانن و ئەبێ هەموو شتێکی جوان و باش هەر بۆ ئەوان بێت و، ئەوان **دڵسۆزترن ئەگەر چی خاوەن مەلەفیش بن**..! (وایە کاك مەلا بەختیار ؟؟). ئەی کێ بوو پرینسیپی فیفتی فیفتی هێنایە کایەوە؟ کێ بوو بە لە فیفتی کەمتر ڕازی نەبوو؟؟

بەسە، چیتر خۆتان لە هەموو کەس بە زیاتر و زاناتر و دڵسۆزتر مەزانن، لەوانەیە لە هەموو کەس پارە دار ودهست ڕۆیشتووتر بن، بەلام دڵسۆزتر نین.

ئارام ئەلی
ئۆتەبۆری / سوید